## کۆڕێک لە گەلەری هونەری بابان ...... حیکمەت مەعروف




لە کاتژمێر 4:30 خولەکی ئێوارەی 10 / 04 / 2007، گەلەری هونەری بابان و رۆژنامەی راستی کۆڕێکی لێکۆڵینەوە و شیعر خوێندنەوەیان بۆ هەر یەك لە بەڕێزان گۆران فەتحی و بەکر پشدەری و سالار تووتمانی ساز کرد.

سەرەتا شاعیر بەکر پشدەری چەند شیعرێکی بەرگری خۆی خوێندەوە، پاشان گۆران فەتحی سەرنووسەر و خاوەنی ئیمتیازی رۆژنامەی راستی لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕی دەربارەی نەورۆز پێشکەش کرد. لە کۆڕەکەدا گۆران فەتحی بە پاڵپشتی کۆمەڵێکی زۆر لە سەرچاوە بیانی و عەرەبی و کوردییەکان، ئەوەی روونکردەوە کە نەورۆز دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئارییەکان و هەموو ئەو نەتەوانەی کە رەگەزییان دەچێتەوە سەر ئاری، بە شێوەی جیاواز یادی نەورۆزیان کردۆتەوە. پاشان بە وردی و بە پشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان ئەوەی روونکردەوە کە ئەستیاگ و ئەژدەهاك دوو کەسایەتی جیاوازن و بەو پێیە بە هیچ جۆرێك کاوە کەسێکی خیانەتکار نەبووە. وەك ئەوەی هەندێ نووسەر و لێکۆلەر ئاماژەی پێدەدەن. لە دوای تەواوی بوونی بابەتەکەی گۆران فەتحی، کۆمەڵێك لە ئامادەبووان تێبینی و پرسیارەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

پاشان شاعیر سالار تووتمانی چەند پارچە شیعرێکی تازەی خوێندەوە. کە جێگەی دەستخۆشی ئامادەبووان بوو. بفەرموون لەگەڵ شیعرێك لە شیعرەکانی سالار تووتمانی:



هەڵماقۆ
ئەو بەردانەی کچەکەم وازییان پێدەکا و
لە نێو لەپیا دێن و دەچن
ئەو بەردانەی لە ئێستادا بە خواستی ئەو
بەرز دەبنەوە و دادەبەزن
لە تەك گەورە بوونی ئەودا
ئەو بەردانەش گەورە دەبن
سییانیان پیاوێك لێی دەستێنێ
دەبن بە کێلی کڵکۆکەی دووانەکەی تر.